**Western Kurdistan Government in Exile**
**WKA, Palingswick House, 241 King Street, London W6 9LP, UK**
**Tel: 0208 748 7874, Fax: 0208 741 6436, Mobile: 07768 266005**
**www.rojavatv.org.uk e-mails: wka@knc.org.uk KNC@ribrahim.de**

خوشك و برایانی بەرێز

بەرێز شێركۆ عەباس

سەرۆكی كۆنگرەی دیموكراسی و ئازادی لە سوریا و ماڤ نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی كوردەكان

بەرێزان بەشداربوانی گۆنگرەكە

بەرێزان ئەندامانی رێكخراوە كوردیە جیاجیاكان

بەرێزان بەشداربوان لە سوریا و ولآتانی دییەوە

ئەمرۆ یادی دوو ساڵەی راپەرینە كوردیە مەزنەكەی رۆژاوای كوردستانە، بەلآم راپەرین هەر بەردەوامە تاكو گەیشتن بە ئازادی تەواو لە دیكتاتوریەت و سیاسەتی شوڤینی حزبی بەعسی سوری.

ئەمرۆ پاش دوو ساڵ لە راپەرینە مەزنەكەمان،

ئەمرۆ پاش 25 ساڵ لە هەندەران دوور لە كوردستان و نەتەوەكەم و خێزانەكەم،

ئەمرۆ پاش ساڵانی دووروردرێژی پەژارە، بێ ئەوەی كەس گوێ بگرێ بۆ كێشەكەمان، كێشەی ئازادی و دیموكراسی و دادپەروەری

ئاخرەكەی، سوپاس بۆ خوا، ئەمرۆ ئەم كۆنگرەیەمان هەیە بۆ دیموكراسی و ئازادی لە سوریا و ماڤ مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی كوردەكان، كە لەم بینای كۆنگرێسەی ئەمریكا دەبەسترێت.

من زۆر سوپاسی هەمووتان دەكەم بۆ بایەخدانتان بە ماڧەكانی گەلی كورد و دیموكراسی،

من دەخوازم داوا لە هەموو بەشداران بكەم كە هەموومان بەیەكەوە كاربكەین بۆ بنیاتنانی داهاتوویێكی باشتر بۆ هەموو نەتەوەكان و گەلی كوردمان لە سوریا كە لە گشت نەتەوەكانی دی پێویستی بە كۆمەكە.

دەخوازم داوا بكەم لە هەموو كەسایەتی و رێكخراوە كوردیەكان كە یەك بنكە و بەرە دابمەزرێنن كە نوێنەرایەتی گەلی كوردمان لە رۆژاوای كوردستان بكات تاكو ماڧەكانی گەلی كورد و دیموكراسی و ئازادی دابین بكات.

رادیۆی ساتەلایەتی رۆژاوای كوردستان لە 11 ئازاری 2005 وە بەرنامەكانی بە پێنج زمان، 24 سەعاتە و لە ساڵێكدا 365 رۆژ بلآودەكاتەوە تاكو گەلی كورد لە سوریا رۆشنبیر بكات بۆ ئەوەی ماڧە نەتەوەیی و دیموكراتیەكانیان بەكار بهێنن و دەنگیان بەرزبكەنەوە تاكو ببیسترێت. لەمرۆشەوە رادیۆكەمان رادیۆی ئێوەش دەبێت.

سەرۆكی شورای شارەوانی هامرسمس لە لەندەن، ستیڤن بێرك بەداواكاری من قایل بوو كە گۆرەپانێك لە لەندەن بەناوی گۆرەپانی كوردستان ناوبنرێت كە پەیكەرێكی یادی ئەو 380 منداڵە كوردەی تێدابێت كە لە ساڵی 1960 بەدەستی رژێمی سوریا لە سینەمای ئامودای كوردستانی رۆژاوا سووتێنران. گۆرەپانی كوردستان لەنزیك بنكەی كۆمەڵەی رۆژاوای كوردستان لە لەندەن دەبێت، وە كۆمەڵەی رۆژاوای كوردستان یەكەمین كۆمەڵگای دانبێدانراوە بۆ كوردەكانی سوریا و لە 1997 دا دامەزراوە.

ئێمە ئێستا لە سەتەی 21 داین بەلآم تائێستا كەس پرسیاری لە گەلی كورد نەكردوە كە چی دەخوازن و چ گیروگرفت و پێویستییێكیان هەیە.

ئەمرۆ با هەموومان دەنگی گەلی كورد بەرزبكەینەوە تاكو بەشێوەییێكی دیموكراتی و شارەوانیانە و لە رێگای نەتەوە یەكگرتوەكان و یاسای نێونەتەوەییەوە كە مۆڵەتی هەموو نەتەوەییێك دەدات، دیموكراسی بەكاربهێنن بۆ گەیشتن بە ماڧەكانیان.

رفراندۆمێكی گشتی یەكێكە لەو رێگایانە بۆیە لەم كۆنگرەیەدا داواتان لە هەمووتان دەكەین كە بروانامەیێك دەربكەن كە لەلایەن هەموو رێكخراوە كوردی و سوریەكانەوە ئیمزا بكرێت كە گەلی كورد ماڧ ئەوەی هەیە بەشداری بكات لە رفراندۆمێكی گشتی سەبارەت بە ئازادی و ماڧ دیاریكردنی چارەنووسی رامیاری خۆیان.

زۆر سوپاس

د. جەواد مەلا

سەرۆكی حكومەتی رۆژاوای كوردستان لە هەندەران

13 ئازار 2006